Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090113

# پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئەنجامدانی ڕەفتار لەڕوانگەی تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی (باندۆرا)

ئاسۆ ابراهيم عبدالله

بەشی کۆمەڵناسی // کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان // زانکۆی سلێمانی- سليمانى

ظاهر محمود احمد

بەشی کۆمەڵناسی // کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان // زانکۆی سلێمانی- سليمانى

## rticle Info

Received: January, 2022
Accepted : February,2022
Published :April ,2022

## Keywords

پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکانی، ئەنجامدانی ڕەفتار، تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی (باندۆرا)

## Corresponding Author

asodabax@yahoo.com
Dhahir.m.ahmed@gmail.com

## پوختە

تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی، یەکێکە لەتیۆرە گرنگەکانی دەروونناسی کۆمەڵایەتی، کە بەشدارییەکی گرنگی هەیە لە شرۆڤەو لێکدانەوەی دیاردە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان، تیۆرو توێژینەوەش پەیوەندییەکی بەهێز پێکەوەیان دەبەستێت، بۆ تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی هەر دیاردەیەک پێویستە پشت بە تیۆری زانستی ببەستین، لەڕوی هەنگاوە پراکتیکییەکان ئەم تیۆرە بەتیۆری فێربوون بە تێبینیکردن و لاسایکردنەوەو بەنمونەکردن (Modeling) دەناسرێت، بە ئەڵقەی پەیوەندی نێوان ئاراستەی تیۆری ڕەفتارگەرایی و ئاراستەی تیۆری مەعریفی لەدەروونناسیدا دادەنرێت، لەبەرئەوەی جەخت لە ڕۆڵی ئەو پرۆسە مەعریفیانەی دەکات کە دەکەوێتە نێوان وروژێنەرو کاردانەوەکان، سەرەڕای ئەوەی تیشک دەخاتە سەر پرۆسەی فێربوون، هەروەک دروستکردنی پەیوەندی نێوان وروژێنەر و کاردانەوە هەمەجۆرەکان دەکرێت لە ئەنجامی هۆکارەکانی پاڵپشتی و سزا بەهێز یان لاواز ببێت، ئەم تیۆرە پێی وایە ئەو پەیوەندییانە بەشێوەیەکی میکانیکی دروست نابن، بەڵکو پرۆسە مەعریفی و تایبەتیەکانی تاکەکەسیش ڕۆڵیان لە دروست بوونی ئەو پەیوەندییانەدا دەبێت.

لە بابەتە زانستیەکاندا گرنگی میتۆد پێگەی تایبەتی هەیە، لەبەرئەوەی میتۆدی توێژینەوە ڕێگایەکە بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی زانستی بە پشت بەستن بە کۆمەڵێك ڕێسای گشتی بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە ( شوانی،٢٠١٥: ٣٤ ) .

ئەومیتۆدەی لەم توێژینەوەدا پشتی پێدەبەسترێت ،بریتیە لە میتۆدی وەسفی، بەومانایەی هەوڵدراوە بابەتەکان لەسەرەتادا وەسف بکرێت بۆ پاشان بەشێوەیەکی تیۆری شیکاری بۆ بکرێت، دەرئەنجامی ئەم پرۆسەیەش بریتییە لە :

١-ڕۆڵی ژینگەی کۆمەڵایەتی لە وروژاندنی پاڵنەری ئەنجامدانی ڕەفتارەکانی تاک ڕۆڵێکی دیارو گرنگە.

٢-مۆدێلەکانی دەوروبەر ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە دروست بوونی پاڵنەرێتی ئەنجامدانی ڕەفتاری تاک، بەتایبەت ئەگەر هاوچەشنیەک هەبێت لەنێوان کەسە بەمۆدێل کراوەکەو ئەو کەسەی چاوی لێدەکات.

٣-دەکرێت لە ئەنجامی چاولێگەری مۆدێلێکی دیاریکراو چەند جۆرێک ڕەفتاری چونیەک یان جیاواز لە ڕەفتاری بەمۆدێلکراوەکەدروست ببێت.

## پێشەکی:

بەشی یەکەم:ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە

دیاریکردنی کێشەی توێژینەوە یەکێکە لە هەنگاوە گرنگەکانی پرۆسەی توێژینەوە، بەو پێیەی خاڵی دەستپێکە بەرەو هەنگاوەکانی تر، کۆمەڵەی دەروونناسانی ئەمریکی پێیان وایە بۆ خستنەڕوی کێشەی توێژینەوە بەشێوەیەکی گونجاو دەبێت ئەو پرسیارە بەڕوونی دیاری بکرێت لەلایەن توێژەرەوە دروست بووە(شوانی،٢٠١٥ :٢٠٢)

لێرەوە کێشەی ئەم توێژینەوەیە بەچەند پرسیارێک دەخەینەڕوو:

١- ئایا پرۆسە کۆمەڵایەتی و مەعریفییەکان ڕۆڵیان هەیە لە دروست بوونی پاڵنەرەکانی ئەنجامدانی ڕەفتار لەپرۆسەی بینینی مۆدێلەکانی دەوروبەر؟

٢- ئایا لایەنە مەعریفی و کەسییەکانی تاک چۆن ڕۆڵیان هەیە لەدووبارە دارشتنەوەی ڕەفتارە بینراوەکانی مۆدێلەکانی دەوروبەر ؟

دووەم: گرنگی توێژینەوەکە

بەدڵنیاییەوە هەربابەتێک ببێتە هۆی گفتوگۆکردن و دوواجار ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەری گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، ئەوەی گرنگی ئەم بابەتەیە:

١- بەجۆرێک قسەکردن لەسەر ڕەفتاری تاک جێگەی بایەخی دەروونناس و کۆمەڵناسەکانە، وەک ڤیبەر دەڵێت: کۆمەڵناسی بریتییە لەوزانستە هەوڵدەدات لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی تێبگات و شیکاری بکات(ڤیبەر،٢٠١١ :٢٨).

2- بەم تیۆرە دەتوانرێت ڕەفتارەکانی تاک لە چوارچێوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و توانا مەعریفی و هۆکارە ژینگەییەکانیدا بەشێوازێکی زانستی شرۆڤە بکەین.

٣-سود لە پرۆسەی بەمۆدێلکردن ببینین لە ئاڕاستەکردنی ڕەفتارەکانی تاک بەتایبەت لە ناوەندە پەروەردەییەکاندا.

سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی ئەم توێژینەوە هەوڵێکە بۆ:

١-خوێندنەوەی بابەتی پاڵنەرەکۆمەڵایەتییەکانی ئەنجامدانی ڕەفتاری تاک لەڕوانگەی تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی ئەلبێرت باندۆراوە.

٢-ئاشنابوون بە ڕۆڵی پرۆسەی بەمۆدێلکردن (Modeling) و لێکەوتەکانی لە ئەنجامدانی ڕەفتاری تاک لە ژینگەی کۆمەڵایەتیدا.

چوارەم:پێناسەی چەمکەکان

١- پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان(Social Motives): بۆ ناسینی چەمکی پاڵنەری کۆمەڵایەتی، سەرەتا پێویستمان بەناسینی چەمکی پاڵنەرە بەشێوەیەکی گشتی، هەربەک لە تایلۆر و بارۆن دەڵێن: پاڵنەر پرۆسەیەکی ناوەکییە ڕەفتاری مرۆڤ دەوروژێنێت و ئاڕاستەی دەکات بەرەو ئامانجێکی دیاری کراو دەیپارێزێت (الريماوي واخرون،٢٠٠٨ :٢٠١) .

لە ئینسایکلۆپیدیای زانستە دەروونییەکاندا، پێناسەی پاڵنەر کراوە " بە ئەو هێزەی پشتگیری ڕەفتار دەکات و دەیجولێنێ و چالاکی دەکات و وزەی پێدەبەخشێت (بۆکانی،٢٠٢٠ :٧٨) .

لە(قاموس علم الاجتماع) پاڵنەر پێناسە کراوە(بە هۆکاری ئەنجامدان و ئاڕاستەکردنی کردار بەشێوازێکی گریمانەیی بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجێکی دیاری کراو ،سەرچاوەی ئامانجەکەش پێداویستیە فسیۆلۆژی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانە (غيث١٩٧٩ :٢٩٥) .

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ناساندنی چەمکی پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکانە. ئەم پاڵنەرانە هەندێ جار پێشیان دەوترێت پاڵنەرە وەرگیراوەکان یان پاڵنەرە لاوەکییەکان، هۆکاری ناوزەدکردنیان بەپاڵنەرەکۆمەڵایەتییەکان، دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی ئەم پاڵنەرانە بەرهەمی ژیانی تاکن لە ژینگەی کۆمەڵایەتیدا (السامرائی، ١٩٨٨ :٨٢) .

حامد عبدالسلام دەڵێت: پاڵنەری کۆمەڵایەتی ئەو پاڵنەرانەن کە ئاڕاستە و کۆنترۆڵی ڕەفتاری کۆمەڵاتی مرۆڤ دەکەن و لە ئەنجامی فێربوون و فێرکردنەوە دروست دەبن. ئەوەی پاڵنەری کۆمەڵایەتی لە پاڵنەری فسیۆلۆژی جیا دەکاتەوە ، پاڵنەرەکۆمەڵایەتییەکان ئەو پاڵنەرانەن، وروژاندن و تێر بوونیان لەلایەن ژینگە کۆمەڵایەتییەکەوە دەبێت و بەپێچەوانەوە پاڵنەرە فسیۆلۆژییەکان ئەو پاڵنەرانەن، کە وروژاندن و تێربوونیان دەگۆڕێت بەپێی فەرمانی پێداویستیە فیسیۆلۆژییەکانی خودی مرۆڤ ( زهران،٢٠٠٥ :٣٥)

لەسۆنگەی پێناسەکانەوە، پاڵنەری کۆمەڵایەتی: ئەو پاڵنەرانەن کە سەرچاوەی وروژێنەرەکانی بریتیە لە دەرەوەی مرۆڤ، تاک لە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتی بوونەوە لە ژینگەی کۆمەڵایەتیدا وەریدەگرێت، بۆ پڕکردنەوە و تێر کردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانی، بەمەبەستی گونجانی کۆمەڵایەتی و سەقامگیری باری دەروونی خۆی "

٢- ڕەفتار(Behavior): بەتێگەیشتنە گشتییەکەی ڕەفتار، هەمووجۆرەکانی چالاکی مرۆڤ دەگرێتەوە، دابەشدەکرێت بۆ دووجۆر (اسماعیل و سعید،٢٠١٩ :١٩) .

-ڕەفتارە عەقڵییەکان: وەک بیرکردنەوە، لێکدانەوە، خەیاڵکردن، پرۆسەو ئەزموونە عەقڵییەکان.

-ڕەفتارە جەستەییەکان:پێکدێت لەجوڵەو چالاکی جەستە بۆ وەڵامدانەوەی بارودۆخەکان.

بێگومان مرۆڤەکان خاوەنی چەندین ڕەفتاری جیاوازن وەک: گۆشەگیری، کۆمەڵایەتی بوون ،یاخی بوون،خۆگونجاندن.

ماکس ڤیبەر لە پێشەنگی ئەو کۆمەڵناسانە ئەژماردەکرێت کە میتۆدی تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی کرداری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵناسیدا بەکارهێناوە، بۆیە کۆمەڵناسی لای ڤیبەر ئەو زانستەیە کە هەوڵدەدات لە کرداری کۆمەڵایەتی تێبگات و بەشێوازێکی شیکاری ڕاڤەی هۆکار و کاریگەرییەکانی بکات. لای ئەو کرداری کۆمەڵایەتی ڕەفتارێکی مرۆییە تا ئەو ئاستەی کەسی پەیوەندیدار، واتایەکی خودی پێدەبەخشێت). واتە بۆ ئەوەی هەر کردارێک بە کۆمەڵایەتی ئەژمار بکرێت دەبێت لەلایەن ئەوانی ترەوە مەبەستدرابێت، ئەم تێگەیشتنە لەکرداری ئەوانی تر لەسەر دووئاستی سەرەکی ئاماژەی بۆ دەکات، ئاستی یەکەم: تێگەیشتنێک کە پشتی بەستووە بەڕاستەخۆ تێبینیکردنی کردارەکانی ئەوانی تر، ئاستی دووەمیش: بریتییە لە پاڵنەری کردارە کۆمەڵایەتییەکان. (فرج،٢٠١٣ :٩٠).

لەسۆنگەی پێناسەکانەوە دەڵێین ڕەفتاری کۆمەڵایەتی (social behavior)، بەو ڕەفتارانەی تاک دەوترێت، کە پاڵنەرەکانی ئەنجامدانی ڕەفتارەکە سەرچاوەکەی لە پرۆسە کۆمەڵایەتییەکانەوەیە و مانایەکی کۆمەڵایەتی دەبەخشێت لای بە بەرامبەرەکانی.

بەشی دووەم:پەیوەندی نێوان پاڵنەر و ڕەفتار لەڕوانگەی تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی

یەکەم: خستنەڕوی تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی

تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی( باندۆرا) [1]، ئەم دەروونناسە(Albert Bandura)، پاش ساڵانێک لێکۆڵینەوە لە بابەتی دەروونناسی و زانستە کۆمەڵایەتییەکان و زانستەکانی بواری فێربووندا گەیشتە ئەو ئەنجامەی، کە چالاکییەکانی مرۆڤ دەکرێت لەسەر بنەمای خوێندنەوە و توێژینەوە لەزەمینەیەکی پەیوەندی بەردەوام و هەماهەنگ لەگەڵ هۆکارە ژینگەییەکان و کاردانەوە ڕەفتارییەکان و تایبەتمەندییە کەسییەکانی مرۆڤ بناسین، باندۆرا بنەمای تیۆرێکی دانا کەپرسی سەرەکی تێیدا بریتی بوو لە پەیوەندی ئاڵۆگۆری نێوان( بکەر ، کردار ، ژینگەی کۆمەڵایەتی) بەناوی تیۆری کاریگەری دولایەنەی نێوان سێ گۆڕاو(Santrock,2017:233).

لەم تیۆرەدا دەیەوێت پێمان بڵێت چالاکییەکانی مرۆڤ ڕاڤەدەکرێت لەچوارچێوەی حەتمیەتی پەیوەندی دیالیکتیکی نێوان ئەو سێ گۆڕاوە، هەریەک لە گۆڕاوەکان کاردەنە سەر گۆڕاوەکەی بەرامبەریان و بەپێچەوانەشەوە گۆڕاوەکەی تریش کاردەکاتە سەر ئەویتریان، بەجۆرێک گۆڕانکاری لەهەرلایەکدا ڕوودبدات دەرهاویشتەکانی لەسەر دوو لایەنەکەی تر دەردەکەوێت، گرنگترین جیاوازییەک لەنێوان ئەم تیۆرەو تیۆرەکانی تری قوتابخانەی ڕەفتارگەراکاندا، ئەوەیە کە مرۆڤ وەک بونەوەرێکی خاوەن ئاوەزو بکەرێکی ئەرێنی هەژماردەکات.




شێوەی تیۆری کاریگەری دوولایەنەی نێوان سێ گۆڕاو

لەڕوی هەنگاوە پراکتیکییەکان ئەم تیۆرە بەتیۆری فێربوون لە ڕێگەی تێبینیکردن و لاسایکردنەوەو بەنمونەکردن دەناسرێت، و بە ئەڵقەی پەیوەندی نێوان ئاڕاستەی تیۆری ڕەفتارگەرایی و ئاڕاستەی تیۆری مەعریفی دادەنرێت، لەبەرئەوەی جەخت دەکاتە سەر ڕۆڵی ئەو پرۆسە مەعریفیانەی کە دەکەوێتە نێوان وروژێنەرو کاردانەوەوە، سەرەڕای ئەوەی تیشک دەخاتە پرۆسەی فێربوون هەروەک دروستکردنی پەیوەندی نێوان وروژێنەرو کاردانەوە هەمەجۆرەکانە و دەکرێت لە ئەنجامی هۆکارەکانی پاڵپشتی و سزا بەهێز یان لاواز ببێت، بەڵام پێی وایە ئەو پەیوەندییانە بەشێوەیەکی میکانیکی دروست نابن، بەڵکو پرۆسە مەعریفییە تایبەتیەکانی تاکەکەسیش ڕۆڵیان دەبێت لە دروست بوونی ئەو پەیوەندییانەدا، وەک بیروباوەڕو چاوەڕوانی ودیدگا و ئامانجەکان(الزغول، ٢٠١٥: ١٢٩)

ئەم تێگەیشتنە لەمرۆڤ وەک بونەوەرێکی کاراو خاوەن ئیرادە، پێچەوانەی بیروڕای ژمارەیەک لە پێشەنگەکانی وەک فرۆید و واتسۆن و سکینەرە، لەبەرئەوەی لە دیدگای ئەواندا مرۆڤ بوونەوەرێکی ئازاد و سەرپشک نییە، بەڵکو تەنها بونەوەرێکی بێ ئیرادەیە لە دەستی هۆکارە بایەلۆژی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکاندا.

باندۆرا لەو باوەڕەدایە کە دەتوانرێت ڕەفتارەکانی تاک لە چوارچێوەی پەیوەندی بەرامبەرو بەردەوامی کرداری تاک لەگەڵ توانا مەعریفی و هۆکارە ژینگەیی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەباشترین شێوە ڕوون بکرێتەوە، لەم سۆنگەیەوە ڕەفتارەکانی مرۆڤ لەهەمانکاتدا لەژێر کاریگەری هۆکارە کۆمەڵایەتییەکاندایە، هەروەها خۆشی کاریگەری لەسەر بارودۆخە دەرەکییەکان دادەنێت و ڕۆڵێکی گرنگ لەگۆڕان و کۆنترۆڵکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا دەبینێت، ئەم تێڕوانینە لە بابەتی فێربوون لەڕێگەی تێبینی و بەمۆدێلکردن(Modeling ) دەبێت (شاملۆ،٢٠١٩: ١٥١ ).

کەواتە گریمانەی سەرەکی بۆ سەرچاوەی فێربوونی کۆمەڵایەتی ئەوەیە، کە تاک لەڕێگەی بینین و تێبینی کردن و لاساییکردنەوەی ڕەفتاری ئەو کەسانەی کە کارلێکیان لەگەڵ دەکات فێری شێوازە جیاوازەکانی ڕەفتارکردن دەبێت، فێربوون لەڕێگەی بینین و تێبینی کردنەوە پێویستی بە کارلێکی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ هەیە، وەک کارلێککردن لەگەڵ ئەو کەسانەی لە واقیعی ڕۆژانەدا دەیانبینێت ، کارلێکی ناڕاستەوخۆش وەک ئەوکەسانەی لەڕێگەی سەرچاوەکانی میدیا و دونیای مەجازی ئەمڕۆ لە ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەرچاوی دەکەون، یان کەسایەتییە مێژوویی وئەفسانەییەکان کە لەڕێگەی کتێب و سەرچاوەکانەوە دەیان ناسێت.

باندۆرا بەمەبەستی ڕونکردنەوەی کاریگەریی بین و تێبینیکردن لەسەر پرسی فێربوون چەندین تاقیکردنەوەی ئەنجامداوە،لەسەر گروپی جیاواز و بەمەبەستی جیاواز بۆ گەیشتن بە ئەنجامی گریمانانەکانی تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی، لەم تاقیکردنەوادا گەیشتە چەند دەرئەنجامێک،لە کۆتایدا باندۆرا ڕەگەزە سەرەکییەکانی پرۆسەی فێربوون بەتێبینیکردن ( Processes in Observational Learning) چوار پرۆسەی سەرەکی دانا وەک بنەمانی پێداویستیەکانی پرۆسەی فێربوون بەتێبینیکردن (Santrock,2017:234-235).

١- پرۆسەی سەرنجدان( Attention Processes )

---

١-ئەلبێرت باندۆرا لەساڵی ١٩٢٥ لەکەنەدا لەدایک بووە و لەساڵی ١٩٤٩ ڕۆیشتووە بۆ ئەمریکا، لەساڵی ١٩٥٢ بڕوانامەی دکتۆرای لەفەلسەفەدا بەدەستهێناو وەک مامۆستا لەزانکۆی ستانفۆرد کاری کردووە ، باندۆرا لە ساڵی ١٩٦٩ ئەندام بووە لە سەنتەری لێکۆڵینەوە پێشکەوتووەکان لەزانستە ڕەفتارییەکان لە ستانفۆرد و هەروەها ڕاوێژکاربووە لە لەچەندین ڕێکخراوەی حکومی ،لەماوەی کارکردنیدا چەندین کتێب وتوێژینەوەی بڵاوکردەوە، یەکەمین توێژینەوەی بەناونیشانی (فێربوونی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی لاساییکردنەوە) بوو ،پاشان لەساڵی ١٩٧٣ هەڵبژێرا بە سەرۆکی کۆمەڵەی دەروونزانی ئەمریکی(مستەفا،٢٠١٩ : ٤٦٩)

مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا چەندین حاڵەت و نمونەی جیاواز دەبینێت و بەهۆی گرنگی پێنەدانیەوە نایێتە هۆی لاساییکردنەوە، بەڵام تەنها بە بینین و تەماشاکردن شتێکی ئەوتۆ فێرنابێت کە بتوانێت لە داهاتودا بیکات بە بنەمای بیرکردنەوە و ڕەفتارەکانی، ئەوەی پێویستە لە بینین و تەماشاکردنی مرۆڤدا بریتییە لە سەرنجدان ، لەبەر ئەوەی تێبینی فێربوون بە بینین کۆنترۆڵ دەکات، بەواتایەکی تر تەنها ئەوە بەس نییە تاک ئەو نمونەیەی کە مەبەستییەتی ببینێت، ڕەفتارەکانی بخاتە ژێر چاودێرییەوە، بەڵکو دەبێت تا ئەندازەیەکی وەها سەرنجی ئەو نمونەیە بدات کە بتوانێت تێگەیشتنێکی گونجاوی هەبێت لەو زانیاریانەی کە مۆدێلەکە پێیدەدات، لەم ڕێگەیەوە مرۆڤ دەتوانێت لەو نمونانەی دەیبینێت بەشێوازێکی هەڵهێنجانی زانیاری سود لە نمونەکە وەربگرێت و لاسایی بکاتەوە.

کردەی سەرنجدانیش پشت بەچەند هۆکارێك دەبەستێت (الزغول، ٢٠١٥: ١٣٥)

١-ئەو هۆکارانەی پەیوەستە بە سروشتی نمونەکە، وەک پێگەو ناوبانگ و ڕادەی لێکچونیان لەڕووی تایبەتمەندی کەسێتی و ژینگەیی و کلتووری، لەبەرئەوەی تاک حەز بە لاساییکردنەوەی ئەو کەسانە دەکات لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە پێگەیەکی بەرچاویان هەیە، هەروەها ئەو کەسانەی خاوەن تایبەتمەندی کەسێتی تایبەتن، یان ئەو کەسانەی خاوەن کەسێتی لێکچوون.

٢-ئەو هۆکارانەی پەیوەستن بەتایبەتمەندی کەسێتی ومیزاجی تاکەوە، بۆ نمونە ئەو کەسانەی خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێزو جیاوازن کەمتر مەیلی لاساییکردنەوەی ئەو کەسانەیان هەیە کە پێگەی کۆمەڵایەتیان لاوازە.

٣-ئەو هۆکارانەی پەیوەستن بە کردارەکەوە، ئەمەش پەیوەندی بەبەهاو گرنگی کردارەکەوە هەیە سەبارەت بەکەسە سەرنجدەرەکە، هەروەها ئاستی سەختی یان سادەیی لە ئەنجامدانەوەی ڕەفتاری تێبینیکراوی بەمۆدێل کراو لای تاک.

٢-پرۆسەی پارێزگاری و وەبیرهاتنەوە(Retention Processes)

باندۆرا لەو باوەڕەدایە تاک لەڕێگەی توانای گوتاری و وێنەسازییە زەینییەکانەوە بە ئەزمونەکانی خۆیدا بچێتەوە و بیانپارێزێت، بەجۆرێک ئەو ئەزمونانە بۆ کردارەکانی داهاتوی ڕێنوێنی بکات بۆ ئامادەسازی لەزەمینەی شێوەدان لە وێنەسازی بۆ داهاتو(شاملو،٢٠١٩: ١٥١).ئەم پرۆسەیە بەدووەمین پرۆسەی فێربوون بەبینین وتێبینیکردن دادەنرێت، بۆئەوەی تاک بتوانێت لاسایی کرداری نمونەکە بکاتەوە، دەبێت هەموو لایەنە گرنگەکانی ئەو کردارە نمایشکراوەی لە یادبێت، لەبەرئەوەی کەسێک نەتوانێت کردارەکە بهێنێتەوە یادی خۆی، ئەوا ناتوانێت لاسایشی بکاتەوە، بەتایبەت ئەگەر ماوەیەکی دیاریکراو بەسەر کاتی ڕوودانی ڕەفتارەکە تێپەڕیبێت.

باندۆرا پێیوایە ئەو ڕەفتارەی سەرنجمان لای بوو، بۆ ئەوەی بتوانین بهێنینەوە یادمان دەبێت ئەوەی دەیبینین کۆدی بکەین و هەڵیبگرین بەشێوەیەکی دیاریکراو، ئەم پرۆسەیەش(نواندنی بەکۆد) دانپێدانانە بەپرۆسە مەعریفییەکان وەک خەیاڵ و بونیان بەبەشێک لە بیردۆزی فێربوون بەبینین، هەروەها ئاماژەیە بەڕازی بوون بەکاریگەری لایەنە دیاریکراوە ناوەکییەکانی تاک، لەپێکهێنانی کردارو گۆڕینی، نەک جەخت کردن لەسەر کرداری دیار و دەرکەوت وەک سکینەر داکۆکی لێدەکات (مستەفا،٢٠١٩ : ٤٧٧)

٣- پرۆسەی بەرهەمهێنانەوە (Production Processes)

بنەمای سێیەم تیۆری فێربوون بە بینین و تێبینیکردن، بریتیە لە پرۆسەی وەرگێڕانی ئەو نوواندنە کۆد کراوەی لای تاک هەڵگیراوە، بۆئەوەی جارێکی تر بکرێتەوە بەکردارێکی دیار، واتە دووبارە وەرگێڕانی بۆ کردارێکی جوڵەیی بەنمونەکراو، هەندێکجار لەچالاکییە ئاڵۆزەکاندا تاک ناتوانێت کردارە کۆدکراوەکە بەشێوەیەکی گونجاو ئەنجام بداتەوە، ئەگەرچی چەند جارێکیش هێنابێتییەوە یادی خۆی، بۆیە بەتەنها بینین و سەرنجدان بەس نییە بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی گونجاو، هەروەها دەبێت جوڵەکان ئەنجام بدرێن و زانیاریەکان وەربگیرێت بۆ ڕاستکردنەوە و ڕێکخستنی کردارەکە، بۆ نمونە وەک ئەو ئەرکەی مامۆستا دووای فێرکردنی خوێندکارەکەی وەک ئەرکی ماڵەوە دەیدا بەسەریا، بەڵام هەندێک جۆری فێربون پێویست ناکات بۆ ئەو کردارانەی ئەنجامەکانیان مەترسیدارن تاقیبکردنەوە، وەک تاقیکردنەوە بە ئاگر بۆ ئەوەی بزانێت پێستی دەسوتێنێت یان نایسوتێنێت. بۆ ئەم جۆرە تێبینیکردن و مۆدێل وەرگرتنە بە بڕوای باندۆرا ئەو کردارانەی تاک لە ڕێگای فێربوونی ڕاستەخۆوە فێردەبن، دەتوانرێت بە ڕێگای ناڕاستەوخۆ فێربێت، وەک سەرنجدانی ڕەفتاری کەسانی تر یان نمایشکردنی گرتەڤیدیۆیەک و ڕاڤەکردنی دەرئەنجامەکانی بۆ بەرامبەرەکان (شاملو،٢٠١٩: ١٥٣) .

٤- پرۆسەی پاڵنەرایەتی(Motivation Processes)

پاڵنەرەکان ڕێکاری هەڵبژاردنی ئەو ڕەفتارانە ڕێکدەخات، تاک لەڕێگەی سەرنجدانەوە فێریان بووە، هەروەها هۆکار و دنەدەرێکی سەرەکیین بۆ دووبارە هێنانەوە، یان ئەنجامدانی ئەو مۆدێلەی فێریان بووە، پرسی دووبارە هێنانەوەی مۆدێلی ڕەفتاری تێبینیکراو، دەگەڕێتەوە بۆ پاڵنەری ناوەکی مرۆڤ لەڕێگای پاڵنەری بۆ نواندن، مۆدێلی ئەو کردارانەی بەتێبینکردن فێریان بووە ئەنجامیان دەداتەوە(قادر،٢٠٢٠: ٢٢٩).

یەکێک لەو ڕێگا کاریگەرانەی لەسەر مەیلی تاک هەیە بۆ ئەنجامدانی کردارێک ئەوەیە، بزانرێت بۆ ئەو کردارەی بڕیارە ئەنجامی بدات چ جۆرە پاداشت و سزایەک چاوەڕوانی دەکات، بۆ نمونە تێبینیکردنی تاک لەچۆنیەتی کردارەکانی خەڵکی لە بارودۆخی تایبەت و پاداشتێک کە بە دەستی ئەهێنێت، ئەکرێت پاڵنەرێکی بەهێزبێت تائەوەی بەرەو ئەو بارودۆخە یاخود ئەو ڕەفتارە خوازراوی پەیدا بکات یان بەپێچەوانەوە.

هەروەک جۆرج هۆمانز دەڵێت: ئەگەر کەسێک لە ڕابردودا لە هەڵوێستێکی دیاریکراودا پاداشتێکی وەرگرتبێت و لە ئێستادا هەڵوێستێکی نزیک لەو هەڵوێستەی ڕابردو دووبارە ببێتەوە ، ئەوا ئەو کەسە هەمان ڕەفتار یان نزیک لەو ڕەفتارە ئەنجام دەداتەوە (زایتلین،١٩٨٢: ٣٦٥).

باندۆرا پێی وایە هۆکاری سەرەکی لە پاڵنەری فێربوون بەتێبینی دا، بریتییە لە هۆکارە مەعریفییەکان نەک هۆکارە دەرەکییەکانی تاک، ئەو هۆکارانە زیاتر لایەنی گەیاندن هەیە، بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندی نێوان پرۆسە مەعریفییەکان وپاڵنەرێتی دادەڕێژێتەوە لەسەر سێ هۆکار، کەدەبنەهۆی داینەمۆ و بەهێزکردنی پاڵنەرەکانی تاک لەکاتی کردارەکانیدا(برافين،2010: ٢١٣).

١-ئەو هۆکارانەی پەیوەندیان هەیە بە بوونی زانیاری پێویست بەمەبەستی گەیشت بەئامانجی دیاریکراو لە ئەنجامدانی ڕەفتارەکە.

٢-ئەو هۆکارانەی پەیوەندیان هەیە بەلێهاتویی وتوانستی کەسی ئەنجامدەری ڕەفتارەکەوە.

٣-ئاستی چاوەڕوانی ئەو کەسەی ڕەفتارەکە ئەنجامدەدات لە ئەنجامەکانی ڕەفتارەکە،ئایا ئەو ڕەفتارە پشتگیری دەبێت و پاداشت دەکرێت یان بەپێچەوانەوە سزا دەدرێت.

دووەم:سروشتی تاک لە تیۆری فێربونی کۆمەڵایەتیدا:

لە تێڕوانینی ئەم تیۆرەدا تاک سروشتێکی تایبەتی هەیە و زیاتر ڕەنگدانەوەی پرۆسە کۆمەڵایەتییەکانی دەوروبەری زاڵە بەسەریدا بە ڕەچاوکردنی پرۆسە مەعریفیە تاکە کەسییەکانی (مستەفا،٢٠١٩ : ٤٨٣-٤٨٤).

١-تاکەکان بەشێکن لە ئەزمونەکانی فێربوون بە ڕێگای سەرنجدانی نمونە کۆمەڵایەتییە نمایشکراوەکان بۆیان.

٢- تاک لەڕێگەی هێزی پاڵنەرە دەرەکییەکانەوە ڕەفتارەکانی ئەنجام دەدات، هێزی پاڵنەرە ناوەکییەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان نییە لە ئاڕاستەکردنی ڕەفتارەکانیدا.

٣-ڕاستە ڕەفتاری تاک کاریگەری وروژێنەرە دەرەکییەکانی لەسەرە، بەڵام جۆری وەڵامدانەوەی بۆ وروژێنەرەکان بە شێوەیەکی میکانیکی نییە، بەڵکو لایەنی مەعریفی تاک ڕۆڵی هەیە لە بڕیاردان لەو ڕەفتارەی گونجاوە لەگەڵ هەڵوێستەکاندا.

٤- تاک توانای هەیە ڕوداوەکانی ڕۆژانەی ژینگە کۆد بکات و چاوەڕوانی ڕەفتارێکی دیاریکراو بێت کە بەرەو وەڵامدانەوە دیارەکان بیانبات، بەم شێوەیە تاک هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی ڕەفتارەکانی لە سەر بنەمای جۆری چاوەڕوانی وەڵامەکان.

٥- کەواتە بەشێک لە ئاڕاستە خۆیەتییەکە کارلێک دەکات لەگەڵ ڕوداوە وروژێنەرە کۆمەڵایەتییەکان، واتە تاک کاریگەر دەبێت بەهێزە دەرەکییەکان، بەڵام توانای ئەوەشی هەیە ئەو کاریگەرییانە ڕێک بخات و ئاڕاستەیان بکات و ئاست و ڕادەیان بزانێت.

لەسەرەتادا ئەم ڕوانگەیە بۆ سروشتی مرۆڤ وا دەردەکەوت کە ڕوانگەیەکی ڕەشبینانەیە، بەڵام دەگۆڕێت بۆ ڕوانگەیەکی تر کاتێک باسی کارلێکی نێوان تایبەتمەندییە کەسییەکان و وروژێنەرە دەرەکییەکانی کرد، لە بەرئەوەی پێی وایە تاکەکان تارادەیەک ژینگە تایبەتییەکانی خۆیان دروست دەکەن.

سێیەم:پەیوەندی نێوان پاڵنەرو ڕەفتار:

پەیوەندی نێوان پاڵنەر و ڕەفتار پەیوەندییەکی تەواو بەهێز و تەواوکارییە وەک دەوترێت "هیچ ڕەفتارێکی مرۆڤ نییە پاڵنەرێک ڕۆڵی وروژێنەر و دنەدەری نەبینێت" (عبدالخالق،١٩٨٣ :٢٤٠). کەواتە بەگشتی ڕەفتارەکان ئامرازێکن بۆ بەدیهێنانی ئامانجی پاڵنەرەکان بەجۆرێک هەتا ئارەزووی ئەنجامدانی ئامانجەکە زیاد بکات پێشبینی ئەنجامدانی ڕەفتارەکە زیاتر دەکات، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر هێزی پاڵنەرەکە لاوازبوو ئەگەری ڕودانی ڕەفتارەکە کەم دەبێتەوە یان لەوانەیە هەرڕوونەدات، کەواتە پەیوەندی نێوان پاڵنەر و ئەنجامدانی ڕەفتار پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیە، ئەم ڕاستیەش لە لێکۆڵینەوە لە ئەرکەکانی پاڵنەرەکاندا بەرووبی دەردەکەوێت، لەبەرئەوەی پاڵنەرەکان چەندین ئەرکی جیاوازیان هەیە لەوانە: (عدس و قطامي،٢٠٠٢ :١٢٦)

١- وروژاندن و بەرهەمهێنانی ڕەفتار: پاڵنەر، مرۆڤ دەوروژێنێت وهانی دەدات بۆ ئەنجامدانی ڕەفتارێکی دیاریکراو، بەمەبەستی تێرکردنی پێداویستییەک یان بەدیهێنانی ئامانجێک، باشترین ئاستی پاڵنەرێتی بۆ وروژاندنی ڕەفتار کە ئامانجێکی باش بەدەست بهێنێت بوونی ئاستێکی ناوەندە، لەبەرئەوەی لاوازی ئاستی پاڵنەر دەبێتە هۆی هەست کردن بە بێزاری گرنگی نەدان بەکار، هەروەها ئاستی زۆر بەهێزی پاڵنەر دەبێتەهۆی دروست بوونی دڵەڕاوکێ و گرژی دەروونی(القاسم واخرون،٢٠٠١ :١١٦)

٢- ئاڕاستەکردن و کۆنترۆڵ کردنی ڕەفتار: ئەو ڕەفتارانەی مرۆڤ ئەنجامی دەدات، ئاماژەیە بۆ بوونی پاڵنەرێک لەلای تاکەکەس بۆ بەدیهێنانی ئامانجێک یان بوونی پێداویستی و مەبەستێکی دیاریکراو، سەرەڕای ئەوەی پاڵنەر ڕەفتاری تاکەکەس بەرەو ئامانجێک ئاڕاستە دەکات، بەڵام هاوکاریشیان دەبێت لە هەڵبژاردنی شێوازو کەرەستەی گونجاو بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە،وەک شێوازی بەدەستهێنانی پلەو پایەی کۆمەڵایەتی یان شێوازی کۆکردنەوەی سەروەت و سامان ،ئەمەش یەکێک لە ئەرکەکانی پرۆسەی فێربوون دادەنرێت.

٣- هێز و بەردەوامی دەدات بەڕەفتار: پاڵنەر هێز دەدات ڕەفتار، ئەوەش پشت ئەستور بەڕادەی گرنگی پڕکردنەوەی پێویستییەکە یان گرنگی ئەو ئامانجەی هەوڵی بۆ دەدات، هەرچەند پێویستی و ئامانجەکە گرنگ بێت ئەوە ڕەفتارە هاندراوەکە بەهێز دەبێت بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکە، ئەگەر بەربەست کەوتە بەردەم بەدیهێنانی ئامانجەکە ئەوە هەوڵەکانی تاکەکەس بۆبەدیهێنانی زیاتر دەبێت، هەروەها پاڵنەر هێزو ووزەی پێویست بەڕەفتار دەبەخشێت تا ئەوکاتەی پێویستییە وروژێنەرەکە پڕدەکاتەوە یان ئەو ئامانجە بەدی دێت کە تاک هەوڵی بۆدەدات، واتە والەمرۆڤ دەکات بکاتە دۆخی پێویست بۆ مانەوەو بەردەوامی خۆی و گەیشت بە قۆناغی گونجانی کۆمەڵایەتی.

چوارەم: ئەنجامەکانی فێربوون لەڕێگەی تێبینییەوە:

باندۆرا پێی وایە تێبینیکردنی مۆدێلەکانی ڕەفتار و هەڵوێستەکانی ئەوانی دیکە سێ جۆر فێربوونی لێدەکەوێتەوە (الزغول، ٢٠١٥: ١٣٣).

١- فێربوونی ڕەفتاری نوێ: کاتێک تاک تێبینی ڕەفتاری ئەوانی تر دەکات فێری شێوە ڕەفتاری نوێ دەبێت کە لەبنەڕەتدا ئەو ڕەفتارەی نەبووە، وەک ئەو خوێندکارەی لە کاتی پڕکردنەوەی فۆڕمی زانکۆلاین بۆ وەرگرتنی لە زانکۆو پەیمانگاکان، دەست دەکات بەپرسیار کردن لەو کەسانەی پێشتر وەرگیراون لەزانکۆو پەیمانگاکان و ئەزمونیان لەو بوارەدا هەیە، تێبینیکردنی مۆدێلەکان دەست پێدەکات و لەکۆتاییدا دەگاتە بڕیاردان لە چوارچێوەی نمرەکەیی و ڕێکارە کارگێڕییەکاندا بۆ هەڵبژاردنی بەشێک کە ئاشنایەتی لەگەڵیدانیە و لەوانەشە پێشتر هەربیری لێنەکردبێتەوە.

٢- ڕێگری یان ڕێگەپێدان بە ڕەفتار: تێبینیکردنی ڕەفتاری ئەوانی تر و دەرئەنجامەکانی ئەو ڕەفتارانە، کاردەکاتە سەر ڕێگری یان ڕێگەپێدان بە ڕەفتاری تاکەکەس.وەک ئەو خوێندکارە کەدەبینێت مۆدێلی کەسە نزیکەکانی دەوروبەری بەشێکی لە زانکۆ تەواو کردووە تائێستا نەیتوانیوە دەرفەتی کار بەو بڕوانامەیەوە دەست بخات، ئەم هۆکارە دەبێتە هۆی دورکەوتنەوەی خوێندکارەکە کە ئەو بەشە هەڵنەبژێرێت بۆ درێژەدان بەخوێندن، یان بەپێچەوانەوە مۆدێلێك دەبینێت بەشێکی تەواوکردووە ئێستا بەبڕوانامەکەی توانیویەتی پێگەیەکی دارایی و کۆمەڵایەتی بۆ خۆی مسۆگەر بکات، ئەم هۆکارە دەبێتە پاڵپشت بۆ بەهێزکردنی پاڵنەرێتی لە هەڵبژاردنی ئەو بەشەدا.

٣- ڕێخۆشکردن بۆ دەرکەوتنی ڕەفتار: دەشێت تێبینیکردنی ڕەفتاری کەسانی تر ببێتەهۆی ڕێخۆشکردن بۆ دەرکەوتنی کردارێکی بەدەستهاتوو لای تاک کەپێشتر بەهۆی بیرچونەوە یان پێویست نەبوونی پەیڕەوی نەکردووە، بۆ نمونە ئەو خوێندکارەی حەزی لەخوێندنی بەشی پزیشکی گشتی لە کۆلێژی پزیشکی هەیە، بەڵام بەهۆی نمرەکەیەوە ناتوانێت ئەو بەشە بخوێنێت، بۆ

ئەوەی بگات بەهەمان خواستی خۆی بەتێبینیکردنی مۆدێلەکانی پێشخۆی و لە چوارچێوەی ڕێنماییەکاندا، هەوڵدەدات بەشێکی تر بخوێنێت بۆ ئەوەی ساڵی یەکەم یان دووساڵی پەیمانگا ببێتە یەکەمی سەر ئاستی بەشەکەی و لەوێوە جارێکی تر بتوانێت بەشی پزیشکی گشتی بخوێنێت، ئەم جۆرە ڕەفتارە پێشتر خوێندکارەکە پێی ئاشنا بووە لەرێگەی مۆدێلەکانی تری پێش خۆیی و لە چوارچێوەی ڕێنماییەکاندا، بەڵام لەبەرئەوەی پێشتر نەکەوتووەتە ئەم بارودۆخە لەبەرئەوە بیری لێنەکردووەتەوە، بەڵام ئێستا دەرفەتەکە ڕەخساوە بۆ ئەم ڕەفتارە، هەرچەندە ئەم بریارانە ئاسان نییە بۆ هەموو خوێندکارێک، بۆ ئەوانەنەبێت کە خاوەن پاڵنەرێکی بەهێزن لەسەر هەڵبژاردنی ئەو بەشەی خۆی مەبەستییەتی.

گفتوگۆی تیۆرەکە:

ئەگەر خوێندنەوەیەک بۆ لایەنە رون و نارونەکانی ئەم تیۆرە بکەین، دەبینین تارادەیەکی بەرچاو تیۆرێکی بابەتییە و بەئاسانی بەکاردەهێنرێت و تاقیدەکرێتەوە وەک چوارچێوە لە توێژینەوە زانستییەکاندا، هەروەها ئەم تیۆرە شێوازێکی ئاسان و ڕاستەوخۆ بەکاردێنێت لە گۆڕینی ڕەفتاری تاک لە ڕێگەی تێبینیکردن و بەمۆدێل بوونەوە، ئەمەش زۆر بەئاسانی هەستی پێدەکرێت و دەتوانرێت لەگەڵ دەرئەنجامەکانیدا مامەڵە بکرێت، وەک باندۆرا لە تاقیکردنەوە بەناوبانگەکەیدا لە بارەی بە مۆدێلکردنەوە ئاماژەی پێدەکات، دەڵێت ئەگەر منداڵێک لەتەمەنی پێش قوتابخانە تەماشای کەسێکی تر دەکات(مۆدێلەکە)، ئەو کەسە هەڵدەستێت بەچەند جۆرێک ڕەفتار و دووای ماوەیەک لەو تەماشاکردنە، سەرنج دەدرێتە منداڵەکە بۆ ئەوەی بزانێت ئایا لاسایی ڕەفتاری مۆدێلەکە دەکاتەوە. بە بەراوردکردنی ڕەفتاری کەسەکە لەگەڵ ڕەفتاری ئەو کەسانەی کە نمونەکەیان نەبینیوە دەردەکەوێت رادەی بەنمونەکەردن چەندە (مستەفا،٢٠١٩ : ٤٧٢-٤٧٣). کەواتە ئەم تیۆرە پێمان دەڵێت سەرچاوەی سەرەکی فێربوونی کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە تاک لە رێگەی بینین و تێبینیکردن و لاسایکردنەوەی ڕەفتاری ئەو کەسانەی کارلێکیان لەگەڵ دەکات فێری شێوازە جیاوازەکانی ڕەفتارکردن دەبێت.

بەڵام ڕەخنە سەرەکیی لەم تیۆرە ئەوەیە باندۆرا زیاتر گرنگی بەکرداری دیارو ئاشکرای تاک دەدات و گرنگی بەڕەفتارە نمایش نەکراوەکان نادات، ئەمەش ناسازییەکی تێدایە لەگەڵ سروشتی مرۆڤ، چونکە مرۆڤ مەرج نییە ئەو کردارەی نمایشی دەکات هەمان ئەو کردارەبێت کەخۆی باوەڕی پێیەتی. لەم بارەیەوە (گۆفمان) ڕەفتارەکانی تاک بەرامبەر بەوانی تر بۆ دوو جۆر دابەشدەکات (خلیل،١٩٨٢: ٢٠٦).

١-ڕەفتاری شاراوە: واتە پێدانی تێڕوانینێک کە گوزارشتە لە واقیعی ڕاستەقینەی تاک ناکات و هەندێ لایەنی کردارەکە دەشارێتەوە و گوزارشت لەلایەنەکانی تری دەکات.

٢- ڕەفتاری دەستکرد یان نمایشکراو: واتە تاک ڕەفتارێک نمایش دەکات و تێڕوانینێک بەرامبەر بە خودی خۆی دەخاتە ڕوو کە پەیوەندییەکی ڕاستەقینەی کردارەکەوە نییە، تەنها بۆ ئەوەیە سەرنجی ئەوانیتر بۆ خۆی ڕابکێشێت و بگات بەو ئامانجەی کە ئەو کردارەی بۆ نمایشکردووە. ئەم جۆرە لە ڕەفتارکردن لە ناو ئەو دەستەبژێرانەدا دەردەکەوێت کەزیاتر گرنگی بە ئەنجامی ڕەفتارەکە دەدات، واتە کۆمەڵگەیەکی ئەنجامگەران وەک: بازرگان و سیاسییەکان.

ئەنجامەکان:

گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بەچەند خاڵێک دەخەینەڕوو:

١- لەم توێژینەوەیەوە دەتوانین پێناسەی پاڵنەر بکەین، بە چەمکێکی گریمانەیی لە ئەنجامی ڕوبەڕوبوونەوەی مرۆڤ بە وروژێنەرێکی ناوەکی یان دەرەکی دروست دەبێت، ئەو وروژێنەرە هانی مرۆڤ دەدات بۆ ئەنجامدانی ڕەفتارێک، ئامانج تێیدا پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ئەو وروژێنەرەیە تا بارە دەروونییەکە بگەڕێتەوە باری هاوسەنگی.

٢-ئەوەی پاڵنەری کۆمەڵایەتی لەجۆرەکانی تری پاڵەر جیادەکاتەوە، ئەوەیە پاڵنەرەکۆمەڵایەتییەکان سەرچاوەی وروژاندن و تێربونیان، بریتییە لە پێداویستیەکانی ژیانی رۆژانەی تاک کەسەرچاوەکەی ژینگەی کۆمەڵایەتیە.

٣- پرسی سەرەکی لەم تیۆرەدا بریتییە لە پەیوەندی نێوان( بکەر، ڕەفتار، ژینگەی کۆمەڵایەتی)، باندۆرا لەم تیۆرەدا دەیەوێت پێمان بڵێت چالاکییەکانی مرۆڤ ڕاڤەدەکرێت لەچوارچێوەی حەتمیەتی پەیوەندی دیالیکتیکی نێوان ئەو سێ گۆڕاوە لەبەر ئەوەیە هەندێک بە تیۆری کاریگەری دولایەنەی نێوان سێ گۆڕاو ناوی دێنن.

٤- بەڵام لەڕوی هەنگاوی پراکتیکییەوە ئەم تیۆرە، بەتیۆری فێربوون بەتێبینی کردن(Processes in Observational Learning) دەناسرێت، بەچوار پرۆسەدا تێدەپەرێت وەک(سەرنجدانی مۆدێلەکان، پارێزگاری وەبیرهاتنەوە، دووبارە بەرهەمهێنانەوەی مۆدێلەکان، پرۆسەی پاڵنەرایەتی).

٥- مۆدێلە چاولێکراوەکە و هەریەک لەوپرۆسانە ڕۆڵی تایبەتیان هەیە لەسەر جۆر و ئاراستەی ئەو کردارەی تاک ئەنجامی دەدات.

٧- باندۆرا لەم تیۆرەدا مرۆڤ وەک کارەکتەرێکی ئەکتیف و خاوەن ئیرادە دەخاتەڕوو، لەبەرئەوەیە ئەم تیۆرە جیاوازە لە تیۆرەکانی تری قوتابخانەی ڕەفتارگەراکان و بە خاڵی پەیوەندی نێوان قوتابخانەی ڕەفتارگەراو قوتابخانەی مەعریفەگەرا دادەنرێت.

٨- باندۆرا پێی وایە مرۆڤ لەرێگەی تێبینیکردنی مۆدێلەکانی ڕەفتار و هەڵوێستەکانی ئەوانی دیکە چەند جۆر لە ڕەفتار فێردەبێت، مەرج نییە کۆپی هەمان ئەو ڕەفتارانەبن بەمۆدێل کراوەکە ئەنجامی داوە.

سەرچاوەکان:


سەرچاوە کوردییەکان:

- الزغول،د.عیماد عبدوالرحیم(٢٠١٥)، بنەماسەرەکییەکانی سایکۆلۆژیای پەروەردەیی، وەرگێڕانی ئارام ئەمین شوانی،چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

- فرج، ئارام علی(٢٠١٣)بونیاد و کرداری کۆمەڵایەتی وەک دوو ئاستی سەرەکی لە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی ، تێزی دکتۆرایە لە زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی کۆمەڵناسی.

-اسماعیل،د.ئازاد علی و سعید،سەرهەنگ ابراهیم(٢٠١٩)، دەروازەیەک بۆ دەروونزانی گشتی، چاپی دووەم، لەبڵاوکراوەکانی کتێبخانەی سۆفیا، کۆیە.

-الغزوی،فهمی سلیم واخرون (٢٠١٨) دەروازەی کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی توانا فەرەیدون، چاپی دووەم، چاپخانەی مێخەک.

-شاملۆ،د.سەعید(٢٠١٩)، قوتابخانەو تیۆرەکانی دەروونزانی کەسایەتی،وەرگێڕانی: فرمێسک ڕزگار و سیدۆ داود، چاپی دووەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

-شوانی، د.محمد (٢٠١٥)، سەرەتایەک بۆ نوسینی توێژینەوە لەكۆمەڵناسیدا ، چاپی یەکەم چاپخانەی هێڤی ، هەولێر.

-قادر،رەمەزان حمەدەمین(٢٠٢٠)،تیۆرەکانی فێربوون-جێبەجێکردنی پەروەردەیی، چاپی یەکەم چاپخانەی سایە، سلێمانی

-موستەفا،یوسف حمەساڵح(٢٠١٩)کەسایەتی و سروشتی مرۆڤ،ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە، سلێمانی.

سەرچاوە عەرەبییەکان:

-الريماوي،د.محمد عودة و اخرون(٢٠٠٨)، علم النفس العام، دار المسيرة، عمان.

-برافين،لورانس(٢٠١٠)علم الشخصية، ترجمة: عبدالحميد محمود السيد واخرون، الجزء الاول،مركز القومي للترجمة،القاهرة.

- زهران ،د.حامد عبدالسلام (٢٠٠٥) ،الصحة النفسية والعلاج النفسى ، عالم الكتب، الطبعة الرابعة ، القاهرة.

-حسن، عبدالباسط محمد(1971 )اصول البحث الاجتماعي ،مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة.

-زايتلن،ارفنج(١٩٨٩)، النظرية المعاصرة في علم الاجتماع،ترجمة: محمود عودة و ابراهيم عثمان، منشورات ذات السلاسل، الكويت.

-عبدالخالق،د.احمد(١٩٨٣)،علم النفس العام، دار الطباعة والنشر.

-عدس،د.عبدالرحمن و قطامي،د.نايفة(٢٠٠٢)،مبادى علم النفس، الطبعةالثانية، دار الفكرللطباعة والنشروالتوزيع، عمان.

-عمر،د.معن خليل(١٩٨٢)، النقد الفكر الاجتماعي المعاصر، دار الافاق الجديدة ، بيروت.

-ڤيبر،ماكس(٢٠١١)، مفاهيم اساسية في علم الاجتماع،ترجمة صلاح هيلال، المركز القومي للترجمة، القاهرة.

-القاسم،جمال مثقال واخرون(٢٠٠١)،مبادىء علم النفس، دار الصفاء للنشروالتوزيع،عمان.

سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

-Santrock, J. W. (2017). *Educational psychology. 6th Edition*. McGraw-Hill Education.



Student: Department of Sociology- College of Human Sciences - Sulaymaniyah University - Sulaymaniyah - Kurdistan Region - Iraq



Abstract: afterwards studying human acts has a very important place to the sociologists and Psychologists and it is trending in their interests, and some of them describe psychology as behaviourism, and the importance of human acts by the sociologists reaches a level that a sociologist like Max Weber says: Sociologism is the science of understanding and analyzing a person's social activities, and the main problem of these studies is looking for answers of these questions: do the social and knowlege processes have any roles in creating action motivations for personal behaviours? is social climate a cause to create personal action motivation force? The Goal of this Study is a theorical attempt in purpose of theorization the subject of social motivations of making acts from the side of social learning theory by Albert Bandura, and the method which is used in this Study is Describing method, in the meaning that it tried to describe the Subject From the Beginning and to analyze it fterwards. and The most Important Results are : knowing motive concepts such as engine force and personal action director and making difference between social motivation and other motivations, acquainting The main Subject Social Learning Theory which is consisted of the connection between ( Person, Behaviour, Social Climate ) . showing the differences between this theory and the other theories of behaviourists schools, that shows human role as an active and willed character like a social doer, and revealing seeing force of the seen modeled acts in creating act making motivations. and the keywords are ( social motivations, behaviouris)

-الملخص: استحوذت مواضيع الاهتمام بسلوك الانسان مكانة مهمة لدى بارزه في مجال علم النفس على انه علم السلوك، وظهر اهتمام علماء الاجتماع بسلوك الانسان من منظور عالم الاجتماع (ماكس فيبر) اذ يؤكد(ان علم الاجتماع هو علم فهم وتفسير السلوك الاجتماعي لدى الفرد). ان الادبيات والطروحات في هذا الصدد تؤكد على ان وراء هذا السلوك دوافع، عدة ضمن البيئة الاجتماعية التي يعيش في الفرد ويتكيف مع قيمه وعاداته وتقاليده ويتعلم من ثقافتها. هذا ما دفعنا الى اختيار نظرية التعلم الاجتماعي ل(البيرت باندورا) لتفسير وتحليل هذه الحقائق وليكون موضوعي لبحث وصفي من خلال المحاورو.
( الدوافع) كقوة محركة وموجهة لسلوك الفرد وكذلك فصل الدوافع الاجتماعية وتميزها عن الدوافع الاخرى من الدوافع. الالمام بالقضية الرئيسية لنظرية التعلم الاجتماعي الذي هو العبارة عن العلاقة فيما بين (الفرد، السلوك ، البيئة الاجتماعية)، هو اظهار الفرق بين هذه النظرية والنظريات الاخرى لمدرسة السلوكيين. وتظهر ذلك من خلال اظهار دور الانسان **كعامل فعال وصاحب ارادة كفاعل الاجتماعي. هذا اضافة التي اظهار قوة روية السلوك المنظور المتاثر بالموديلات في تكوين الدافع المكون للسلوك. مفتاح الكلمات عبارة عن ( الدوافع الاجتماعية، السلوك).**

# الدوافع الاجتماعيةلسلوك من حيث نظرية التعلم الاجتماعي(باندورا)

**Social motives for behavior in terms of social learning theory (Bandura)**

**Professor.D.Aso Ibrahem Abdullah : Supervised**

الاستاذ: قسم علم الاجتماع- كليةعلوم الانسانية-الجامعة السليمانية-السليمانية-اقليم كردستان-العراق

**Teacher: Department of Sociology- College of Human Sciences -Sulaymaniyah University -Sulaymaniyah - Kurdistan Region – Iraq**

توێژەر: ظاهر محمود احمد

**Researcher: Dhahir Mahmood Ahmed**

خوێندکاری ماستەر: بەشی کۆمەڵناسی-کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان- زانکۆی سلێمانی، سلیمانی هەرێمی کوردستان- عێراق

طالب الماجستر: قسم علم الاجتماع- كليةعلوم الانسانية- الجامعة السليمانية-السليمانية-اقليم كردستان-العراق